# CERVICAL SCREENING Kurdish (Sorani)

## The Facts

## تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ کوردی

## راستییه‌کان

### *تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ چیه‌؟*

- تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ تاقیکردنه‌وه‌یه‌ك بۆ ناسینی نه‌خۆشیی شێرپه‌نجه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ نیه‌. تاقیکردنه‌وه‌یه‌كه‌ بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی ئاستی ته‌ندروستی میتكه‌، كه‌ له‌ ژێره‌وه‌ی بنزگ هه‌ڵكه‌وتوه‌ (زۆر جار پێی ده‌گوترێت ملی بنزگ).
- ئه‌نجامی ئه‌م تاقیکردنه‌وه‌یه‌ بۆ زۆربه‌ی ژنان ئه‌وه‌ نیشان ده‌دات كه‌ هه‌موو شتێك ئاساییه‌.
- به‌ڵام بۆ یه‌ك له‌سه‌ر 10 ژن، تاقیکردنه‌وه‌كه‌ چه‌ند گۆڕانكارییه‌ك له‌ وردیله‌كانی له‌ش پیشان ده‌دات كه‌ له‌وانه‌یه‌ به‌هۆی چه‌ند شتێكه‌وه‌ هاتبنه‌ ئاراوه‌.
- زۆربه‌ی ئه‌م گۆڕانكاریانه‌ نابنه‌ هۆی تووش بوون به‌ نه‌خۆشیی شێرپه‌نجه‌ی ئه‌ندامی زاوزێی ژن.

### *بۆچی پێویسته‌ تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ ئه‌نجام بده‌م؟*

زۆر جار ده‌كرێت پێش به‌ تووش بوون به‌ نه‌خۆشی شێرپه‌نجه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ بگیرێت. نیشانه‌كانی نه‌خۆشی له‌وانه‌یه‌ له‌ قۆناغه‌كانی سه‌ره‌تاییدا خۆیان بنوێنن و هه‌ر بۆیه‌ش ده‌كرێت پێشی پێ بگیرێت ته‌نانه‌ت به‌ر له‌وه‌ی ده‌ستی پێكردبێت.

هه‌موو ساڵێك نزیكه‌ی 900 ژن به‌هۆی نه‌خۆشی شێرپه‌نجه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ له‌ بریتانیا ده‌مرن. به‌ڵام زۆربه‌ی ئه‌وانه‌ی تووشی ئه‌م نه‌خۆشییه‌ ده‌بن تاقیکردنه‌وه‌یان به‌شێوه‌یه‌كی رێكوپێك ئه‌نجام نه‌داوه‌. ئاماده‌ نه‌بوون له‌ تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ یه‌كێكه‌ له‌ گه‌وره‌ترینی ئه‌و مه‌ترسیانه‌ی كه‌وا ده‌بێته‌ هۆی تووش بوون به‌ نه‌خۆشیی شێرپه‌نجه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ.

زانایانی پسپۆڕ له‌ بواری لێكۆڵینه‌وه‌ ده‌رباره‌ی نه‌خۆشی شێرپه‌نجه‌ مه‌زنده‌ ده‌كه‌ن كه‌ له‌ سایه‌ی تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامی زاوزێدا هه‌موو ساڵێك نزیكه‌ی 4،500 كه‌س له‌ مردن رزگاریان ده‌بێت.

### *ئایا پێویسته‌ هه‌موو ژنێك تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ ئه‌نجام بدات؟*

ئێمه‌ ئه‌م تاقیکردنه‌وه‌یه‌ پێشكه‌ش به‌ هه‌موو ژنانی ته‌مه‌ن نێوان 25 و 64 ساڵ ده‌كه‌ین به‌ڵام نه‌خۆشیی شێرپه‌نجه‌ زیاتر له‌ناو ئه‌م كه‌سانه‌دا باوه‌:

- ئه‌گه‌ر جگه‌ره‌ بكێشیت؛
- سه‌ره‌تا له‌ ته‌مه‌نێكی كه‌مدا سێكست كردبێت؛
- له‌گه‌ڵ چه‌ندین كه‌سدا سێكست كردبێت یاخود له‌گه‌ڵ كه‌سێكدا سێكست كردبێت كه‌ له‌گه‌ڵ چه‌ند كه‌سی تردا سێكسی كردوه‌؛
- ده‌رمانێك وه‌ربگریت كه‌ پاراستنی له‌ش له‌ناو به‌رێت (بۆ وێنه‌، له‌پاش ته‌ورمه‌ كردنی ئه‌ندامێكی له‌ش).

ئه‌گه‌ر تاقیکردنه‌وه‌ی مۆنۆپۆزت ئه‌نجام داوه‌، هێشتا پێویسته‌ تاقیکردنه‌وه‌یه‌ك ئه‌نجام بده‌یت بۆ ئه‌وه‌ی بزانرێت كه‌ میتكه‌ت ته‌ندروسته‌. ئه‌گه‌ر یه‌كێك له‌مانه‌ت ئه‌نجام داوه‌ پرس به‌ دكتۆره‌كه‌ت بكه‌:

- نه‌شته‌رگه‌رییه‌كی ئه‌ندامی زاوزێت ئه‌نجام داوه‌؛
- ته‌مه‌نت له‌ 65 ساڵ زیاتره‌؛
- هه‌رگیز له‌گه‌ڵ پیاوێكدا سێكست نه‌كردوه‌؛ یان
- به‌ته‌واوی لێت رون نیه‌ كه‌ ئایا پێویسته‌ تاقیکردنه‌وه‌ ئه‌نجام بده‌یت یان نا.

### پرۆگرامی NHS بۆ تاقیکردنه وەی ئه ندامی زاوزێ چیه ؟

ئه م پرۆگرامه ئه وه مسۆگه ر ده‌کات ئه گه ر ته مه نت له نێوان 25 ساڵ و 64 ساڵ دابێت، ئه‌وا به شێوه یه کی ئۆتۆماتیکی بۆ ئه نجامدانی تاقیکردنه وه یه ك بانگ ده‌کرێیت. ئێمه ناوی تۆ له تۆماری دکتۆری خۆت وه‌رده‌گرین. هه ر بۆیه ش گرنگه که دکتۆره‌که ت هه میشه ناو و ناونیشانی ته واوی تۆی هه بێت.

له پاش ئه نجامدانی یه که م تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ، له نێوان ته مه نی 25 و 49 ساڵیدا هه موو سێ ساڵ جارێك داوه‌تنامه یه ك وه‌رده‌گریت. له نێوان ته مه نی 50 و 64 ساڵیدا هه موو پێنج ساڵ جارێك بانگهێشتن ده‌کرێیت.

### کێ تاقیکردنه وه‌که م به رِێوه ده‌بات؟

دکتۆر یان برینپێچێك تاقیکردنه وه‌که ت به رِێوه ده‌بات. ئه گه ر ده‌ته وێت دکتۆر یان برینپێچێکی ژن تاقیکردنه وه‌که ت بۆ ئه نجام بدات، یاخود ده‌ته وێت که‌سێکت له گه ڵ بێت، تکایه له کاتی دیاریکردنی کاتی چاوپێکه وتندا ئه مه داوا بکه .

### ئایا پێویسته جلکه‌کانم له به رخۆم دابکه نم؟

ئێمه داوات لێده‌که ین جلکه‌کانت له ناوقه د به ره‌ژێره‌وه له به ر خۆت دابکه نیت، به ڵام ئه گه ر ته نووره (دامه ن) ت له به ر دابێت ئه‌وا پێویست ناکات له به ر خۆتی داکه نیت.

### له کاتی ئه نجامدانی تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێدا چی روو ده‌دات؟

دکتۆر یان برینپێچێك داوات لێده‌کات له سه ر قه ره‌وێله یه کی بچووك درێژ بیت. ناوبراو دواتر زۆر به ئه سپایی ئامرازێك به ناوی سپێکولوم ده‌خه نه ناو ئه ندامی زاوزێت بۆ ئه وه‌ی له به ر یه کی جیا بکه نه وه .

دواتر به ئامرازێکی بچووك که وه‌کو چه مچه یان فرچه یه کی بچووك ده‌چێت چه ند وردیله یه کی له ش له میتکه وه‌رده‌گرن. له پاش ئه وه ئه م وریدیلانه ده‌خه نه سه ر سینییه ك یان شووشه یه کی بچووك که ماکێکی ئاوه‌کی تایبه تی تێدایه ، و وردیله‌کان ده‌نێرن بۆ ئه وه‌ی له ژێر میکرۆسکۆپ سه یر بکرێن. تاقیکردنه وه‌که ته نیا چه ند ده‌قیقه یه ك ده خایه نێت.

### ئایا ئازاری هه یه ؟

له وانه یه هه‌ست به ئازار یان شتێکی ناخۆشی که م بکه یت . هه وڵ بده پشوو بده‌یت، به ئه سپایی هه ناسه ی قووڵ هه ڵکێشه چونکه ئه گه ر له شی خۆت گرژ بکه یت تاقیکردنه وه‌که له وانه یه ئازاری زیاتر بێت. ئه گه ر تاقیکردنه وه‌که ئازاری هه بێت ده‌ست به جێ دکتۆره‌که ت ئاگادار بکه بۆ ئه وه ی ئێش و ئازاره‌که که م بکه نه وه .

### ئایا هیچ شتێك هه یه که پێویسته به ر له تاقیکردنه وه‌که ئه نجامی بده م؟

له کاتی بێ نوێژی (عاده‌بوون) ت دا ناتوانی تاقیکردنه وه ئه نجام بده‌یت که واته به ر یان له پاش کاتی بێ نوێژیت کاتێکی چاوپێکه وتن دیاری بکه . باشترین کات ناوه‌راستی سایکلی مانگانه ته .

### ئایا ده‌توانم پێش تاقیکردنه وه‌که سێکس بکه م؟

ئه گه ر له کاتی سێکس کردندا سپێرمیسید، هۆیه کی پێشگرتن له دووگیان بوون یان مه ڵحه مێکی تایبه ت به‌کار دێنی، ئه وا نابێت به ر له 24 سه عات پێش تاقیکردنه وه‌که ئه مانه به‌کار بێنی چونکه له وانه یه ماکی کیمیاییان تێدابێت و کاردانه وه‌یان له سه ر تاقیکردنه وه‌که هه بێت.

### ئه نجامی تاقیکردنه وه‌کانم که ی وه‌رده‌گرمه وه ؟

کاتێك تاقیکردنه وه‌که ئه نجام ده‌ده‌یت، دکتۆر یان برینپێچه‌که له چۆنیه تی و شوێن و کاتی وه‌رگرتنی ئه نجامی تاقیکردنه وه‌که ت ئاگادارت ده‌کات. له وه دڵنیابه به ر له وه‌ی له یه که ی تاقیکردنه وه ده‌رده‌چیت ئه م زانیاریانه وه‌رده‌گریت.

### تاقیکردنه وه‌ی ئه ندامی زاوزێ تا چ رِاده‌یه ك جێی بروا‌پێکردن و متمانه یه ؟

ناسینه وه‌ی خێرا و چاره‌سه رکردن ده‌توانێ پێش به 75٪ ی شێرپه نجه په ره‌ئه ستێنه‌کان بگرێت، به ڵام وه‌کو هه موو تاقیکردنه وه‌یه کی تر به ته واوه‌تی بێ عه یب و ئیراد نیه . ئه م تاقیکردنه وه‌یه له وانه یه هه موو جارێك ئه و وردیلانه بخاته روو که ده‌بنه هۆی نه خۆشی شێرپه نجه .

وردیلە نائاساییەکانی ئەندامی زاوزێت لەوانەیە لەبەر ئەم هۆیانەوە نەبینرێن:

- جارجار لەوانەیە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ وردیلە ئاساییەکان نەبێت؛
- لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر کەم وردیلەی نائاسایی بە چاو ببنرێن؛ یان
- ئەو کەسەی واسەیری وردیلەکانت دەکات لەوانەیە نەخۆشییەکە نەبینێت (ئەمە جارجار روو دەدات و کاری بە رادەی ئەزموونی دکتۆر یان برینپێچەکە نیە ).

لەوانەیە یەك لەسەر 10 تاقیکردنەوە دووبارە ئەنجام بدرێتەوە چونکە :

- لەوانەیە تەشەنە کردنێکت هەبێت کە پێویستی بە چارەسەر کردن هەبێت پێش ئەوەی تاقیکردنەوەیەکی گونجاو ئەنجام بدرێت؛
- وردیلەکانی میتکە لەوانەیە بەهۆی خوێن یان تراوی ناولەش داپۆشرابن؛
- لە یەکەم تاقیکردنەوەدا لەوانەیە ژمارەی وردیلەکانی وەرگیراو ئەوەندە نەبووبێت کە هەڵسەنگاندنێکی راست و دروست بدەن بەدەستەوە ؛
- نمونەی لەشت لەوانەیە بە شێوەیەکی گونجاو و رێکوپێك ئامادە کرابێت؛ یان
- سلایدەکە لەوانەیە شکابووبێت.

**ئەگەر هەر جۆرە نیشانەیەکی نائاساییت لێ بەدەر کەوت،**
**بۆ وێنە لە پاش سێکس یان لە نێوان دوو کاتی بێ نوێژیدا خوێنت لەبەر بچێت،**
**ئەوا پێویستە چاوت بە دکتۆری خۆت بکەوێت.**

### ***واتای ئەوە چیە کە بانگ دەکرێمەوە؟***

تەنیا لە حاڵەتی زۆر دەگمەندا بانگ کردنەوە بەو واتایەیە کە نەخۆشی شێرپەنجەت هەیە . لەوانەشە تەنیا بەو واتایە بێت کە نمونەی وەرگیراو لەناو لەشت بە روونی دیار نیە و پێویستە جارێکی تر تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەیت. ئەمە پێی دەگوترێت ʼتاقیکردنەوەیەك کە جێی رەزامەندی نەبێتʻ .

لەلایەکی ترەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەت دەتوانێ پیشان بدات کە هەندێك گۆرانکاریی بچووك لە وردیلەکانی میتکە هاتوونەتە ئاراوە . ئەگەر گۆڕانیی زۆر نائاسایی (وەکو دیسکاریۆسیس) بەرچاو بکەون، تۆ تووشی ئەو شتە دەبیت کە پێی دەگوترێت ʼئەنجامێکی نائاساییʻ . ئەمە نەخۆشی شێرپەنجە نیە . بەڵام جارجار لە پاش توێژینەوەیەکی زیاتر لەسەر ئەنجامێکی نائاسایی، نەخۆشی شێرپەنجە خۆی دەنوێنێ. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە واتای ئەنجامی نائاسایی، دەتوانی نامیلکەی ئێمە سەبارەت بە پرۆگرامی تاقیکردنەوەی نەخۆشی شێرپەنجە بە ناوی ʼواتای ئەنجامە نائاساییەکانت چیەʻ .

### ***ئایا دەکرێت هیچ شتێك دەربارەی گۆڕانکارییە نائاساییەکانەوە بکرێت؟***

بەڵێ. دکتۆر یان برینپێچەکەت ئەو شتانەت بۆ روون دەکەنەوە کە پێویستە ئەنجام بدرێن. ئەوان لەوانەیە داوات لێ بکەن جارێکی تر سەریان لێ بدەیتەوە بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەیەکی زیاتر ئەنجام بدەیت چونکە وردیلە نائاساییەکان لەوانەیە خۆبەخۆ بگەڕێنەوە سەر باری ئاسایی خۆیان.

بەڵام ئەوان لەوانەیە داوات لێ بکەن بچیتە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی زیاتر بە ناوی ʼکۆلپۆسپۆکیʻ ئەنجام بدەیت.

بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە کۆلپۆسکۆپی، دەتوانی نامیلکەی ئێمە سەبارەت بە پرۆگرامی تاقیکردنەوەی نەخۆشی شێرپەنجە بە ناوی ʼتاقیکردنەوەی کۆلپۆسکۆپیʻ بخوێنیەوە .

ئەگەر پێویست بە چارەسەر کردن هەبێت، ئەمە پرۆسەیەکی بچووکە کە زۆر جار لە عیادەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت. ئەمەش بەو واتایەیە کە پێویست ناکات شەو لە عیادە بمێنیتەوە .

### ***ئایا تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ پێش به  نه خۆشی شێرپه نجه ی ئه ندامی زاوزێ ده گرێت؟***

باشترین رێگا بۆ پێشگرتن له  نه خۆشی شێرپه نجه  بریتییه  له  ئه نجامدانی تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ به شێوه یه کی رێکوپێك چونکه  هه موو گۆڕانکارییه ك له  قۆناغه کانی سه ره تاییدا پیشان ده دات. ناسینه وه ی خێرا و چاره سه رکردن ده توانێ له  75٪ ی حاڵه ته کاندا پێش به  په ره سه ندنی نه خۆشیی شێرپه نجه  بگرێت.

### ***دوای ئه وه ی سه یری وردیله ی ئه ندامی زاوزێم کرا چی به سه ر دێت؟***

ئه و تاقیگه یه ی وا سه یری وردیله کانی ناو له شت ده کات به لانی که م بۆ ماوه ی 10 ساڵ رایان ده گرێت. ئه وان ئه وسا ده توانن تازه ترین ئه نجامی تاقیکردنه وه ت له گه ڵ ئه وانه ی وا پێشار ئه نجامت داون به راود بکه ن.  ئه مه ش بۆ ئه وه ی له وه  دڵنیابین که  هه موو ئه و چاره سه ریانه  وه رده گریت که  له وانه یه  پێویستیت پێیان هه بێت. ئه وان له وانه یه  چاو به سه ر هه موو تۆماره کانی تاقیکردنه وه کان بگێڕنه وه  ئه مه ش وه کو به شێك له  ئاواتی ئێمه  بۆ پێشکه شکردنی خزمه تگوزارییه کی هه ره باش و به رز کردنی ئاستی زانست و ئه زموونی ستافی پسپۆر. ئه مه ش به و واتایه یه  که  ئه و ستافه ی وا له  به شێکی تری خزمه تگوزاری ته ندروستی کار ده که ن پێویستیان به وه  هه یه  چاویان به  تۆماره کانی تۆ بکه وێت.

کاتێك هه ڵسه نگاندنێك پیشان ده دات که وا پێویست بوه  به شێوه یه کی تر ئاگاداریت لێ بکرایه ، ئێمه  پێوه ندیت پێوه  ده که ین. ئێمه  زانیارییه کی زیاترت سه باره ت به  هه ڵسه نگاندنی که یسه که ت پێ ده ده ین به مه رجێك ئه گه ر خۆت بته وێت. بۆ وه رگرتنی زانیاریی زیاتر سه باره ت به و تۆمارانه ی له لای خۆمان رایان ده گرین، ده توانی به م ژماره یه  **0845 4647** پێوه ندی به  **NHS Direct** وه  بکه یت.

### ***کورته ی باس***

بۆ ئه وه ی یارمه تیت بده ین بڕیار بده یت که  ئایا بۆ تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ بچیت یان نه چیت، ئێمه  له  خواره وه  لایه نه  به سووده کان و ئاسته نگه کانی تاقیکردنه وه ی نه خۆشی شێرپه نجه ی ئه ندامی زاوزێت بۆ شی ده که ینه وه :

- تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ ئاستی مه ترسی تووش بوون به  نه خۆشیی شێرپه نجه ی ئه ندامی زاوزێ که م ده کاته وه .
- به هۆی تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ، ئێستاکه  نه خۆشیی شێرپه نجه ی ئه ندامی زاوزێ له چاو ساڵه کانی رابردوو دا نه خۆشییه کی که متر باو و به ربڵاوه .
- له چاو ساڵه کانی 1980  دا ژماره ی ئه و که سانه ی وا دوچاری نه خۆشی شێرپه نجه ی ئه ندامی زاوزێ بوون نیوه  بووه ، ئه مه ش به هۆی ئه وه ی که  ژماره یه کی زیاتر له  ئافره تان به شێوه یه کی رێکوپێکتر تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ ئه نجام ده ده ن.
- له  یه ك له سه ر 10  تاقیکردنه وه دا وردیله کانی له ش به باشی له ژێر میکرۆسکۆپ نابینرێن و پێویسته  جارێکی تر تاقیکردنه وه که  ئه نجام بدرێته وه .
- تاقیکردنه وه که  ده توانێ هه ندێك شتی نائاسایی له  وردیله کانی میتکه  پیشان بدات که  له وانه یه  خۆبه خۆ پاك ببنه وه ، و ئه گه ر ئافره تان تاقیکردنه وه  ئه نجام نه ده ن هه رگیز له  بوونی ئه و وردیله  نائاساییانه  ئاگادار نه ده بوون. هه تا ئێستا به ته واوی روون نه بۆته وه  که  ئایا کام وردیله ی نائاسایی ده بنه  هۆی نه خۆشیی شێرپه نجه  و کامه یان بێ مه ترسین. له گه ڵ دۆزینه وه ی وردیله یه کی نائاسایی بچووکدا ئافره تان تووشی نیگه رانی ده بن.
- تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ هه موو لایه نێکی نائاسایی له ناو میتکه  پیشان نادات.
- ئه نجامدانی تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ به شێوه یه کی رێکوپێك ده توانێ پێش به  په ره سه ندنی نزیکه ی 75٪ ی حاڵه ته کانی نه خۆشی شێرپه نجه  بگرێت، به ڵام له  هه موو حاڵه تێکدا پێش به و نه خۆشییه  ناگرێت.
- هه ندێك ژن تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێیان به لاوه  کارێکی هاسان نیه .
- توێژینه وه کان پیشان ده ده ن که  هه موو ساڵێك تاقیکردنه وه ی ئه ندامی زاوزێ ژیانی نزیکه ی4،500 ژن له م وڵاته  له  مردن ده پارێزێت.

Cancer Screening Programmes

## زانیاریی زیاتر و پشتگیری

ئه‌گه‌ر هه‌ر جۆره‌ پرسیارێکت ده‌رباره‌ی ئه‌م خزمه‌تگوزارییه‌وه‌ هه‌یه‌. ده‌توانی:

- له‌ دکتۆری خۆت بپرسیت؛
- پێوه‌ندی به‌ نووسینگه‌ی خۆجێ یی تاقیکردنه‌وه‌ بکه‌یت؛
- به‌م ناونیشانه‌ سه‌یری ماڵپه‌ڕی پرۆگرامی تاقیکردنه‌وه‌ی نه‌خۆشی شێرپه‌نجه‌ بکه‌یت www.cancerscreening.nhs.uk؛ یان
- به‌م ناونیشانه‌ www.nhsdirect.nhs.uk سه‌یری ماڵپه‌ڕی NHS Direct بکه‌یت

بڵاوکراوه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ته‌ندروستی به‌هاوکاری پرۆگرامه‌کانی تاقیکردنه‌وه‌ی شێرپه‌نجه‌ی NHS، و به‌ ئامۆژگاری و پشتگیریی ده‌سته‌ی لێکۆڵینه‌وه‌ی په‌روه‌رده‌ی چاره‌سه‌ریی سه‌ره‌تایی توێژینه‌وه‌ی نه‌خۆشی شێرپه‌نجه‌ له‌ بریتانیا.

CANCER RESEARCH UK

© مافی له‌چاپدانه‌وه‌ی شاهانه‌ 2006

به‌رهه‌مهێنراو له‌لایه‌ن COI بۆ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ته‌ندروستی
دوامین تازه‌کردنه‌وه‌ 2006

ده‌قی ئه‌م به‌ڵگه‌نامه‌یه‌ ده‌کرێت به‌بێ وه‌رگرتنی مۆڵه‌تی ره‌سمی یان دانی هه‌قی چاپکردنه‌وه‌ی بۆ سوودی کارمه‌ندانی ته‌ندروستی که‌ڵکی لێوه‌ربگیرێت.

ئه‌گه‌ر پێویستیت به‌ کۆپیی زیاتری ئه‌م نامیلکه‌یه‌ هه‌یه‌ ئاماژه‌ به‌م کۆده‌ بکه‌ **272855/Cervical Screening** و پێوه‌ندی بکه‌ به‌:

DH Publications Orderline
ته‌له‌فۆن: 08701 555 455
فاکس: 01623 724 524
ئیمێل: dh@prolog.uk.com

272855/ تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌ندامی زاوزێ هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر داوا بکرێت ده‌کرێ به‌شێوه‌ی برایل، به‌ده‌نگ یان به‌ چاپی پیتی گه‌وره‌ ده‌سته‌به‌ر بکرێت.

وه‌رگێڕاویی ئه‌م به‌ڵگه‌نامه‌یه‌ به‌زمانه‌کاتی تر له‌م ناونیشانه‌ ده‌ست ده‌که‌ون:
www.cancerscreening.nhs.uk/cervical/publications/in-04.html